سێوەخەسرۆ

راهێنەری پرۆژەی خەونی منداڵان بۆ یارییەکانی کۆنگفۆ شاوڵینگ:

# ئەگەر کەسێک حەز و خولیای نەبێت، زەحمەتە بتوانێ روو لە یاریی کۆنگفۆ بکات

یاریی کۆنگفۆ شاوڵینگ، یەکێکە لە یارییەکانی بەرگری و وەك هونەرە جەنگییەکان بەناوبانگە و لە کوردستانیش ئەگەرچی تاوەکو ئێستا بەپێی پێیوست گرنگی بەم یارییە نەدراوە، بەڵام چەندین یاریزان و راهێنەری بەتوانا هەن کە بەردەوام گرنگی بە توانای خۆیان دەدەن، بۆ ئەوەی بتوانن خزمەتێك بەم یارییە بکەن، شاری سلێمانیش ژمارەیەك یاریزانی بەتوانای هەیە.

سێوە خەسرۆ لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی شاری سلێمانییە کە خاوەنی ئاستێکی بەرزی ئەم یارییەیە و، لە یەك کاتدا یاریزان و راهێنەریشە، لەگەڵ ئەوەشدا تاکو ئێستا لە هیچ یانەیەك یاریی نەکردووە، بەڵام لە رێکخراوی شاوڵینگ کلاسیك وەکو فێرخوازێك بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی خۆی بەردەوامە و لە هەمان کاتیشدا راهێنەری پرۆژەی خەونی منداڵانە بۆ یارییەکانی کۆنگفۆ شاوڵینگ، جگە لەوەش لە گرووپی (هێزی فرین)دا کە گرووپێکی کۆنگفۆیە لەگەڵ کاپتن رێکار وەکو تیمێك کار بۆسەرخستنی ئەم یارییە دەکەن. گۆڤاری گوڵانیش ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ ساز کرد.



*** وەك كچە وەرزشكارێك چۆن بوو یاریی شاولینگ-ت هەڵبژارد؟**

-سەرەتا شاولینگ یەكێك بوو لە خونەكانی منداڵیم، چونكە لە منداڵییەوە حەزم دەكرد یەكێك بم لەو كچە وەرزشكارانەی كە یاریی شاولینگ و هونەری بەرگریی كۆنگفۆ و شاولینگ پەیڕەو دەكەن، لە تەمەنی ١٨ساڵییەوە بەشدارم لەو یارییە.

*** چۆنە تاوەكو ئێستا وەك ڕاهێنەر، یان یاریزان لەگەڵ هیچ یانەیەك كار ناكەیت؟**

-یانەكانی هەرێمی كوردستان زیاتر تایبەتن بە یاریی كاراتێ و تایكواندۆ، تا ئێستا یاریی كۆنگفۆ شاولینگ لە یانەكاندا نییە، بەڵكو ئەو شوێنەی كە من مەشقی تێدا دەكەم، ڕێكخراوێكە تایبەت بە شاولینگ كۆنگفۆ، وەكو مامۆستایەك، یان ڕاهێنەرێك كارم تێدا كردووە، من ڕاهێنەری پرۆژەی خەونی منداڵانم كە پرۆژەیەكە لەناو باخچەیەكی منداڵاندا، بەڵام وەكوو یانە ڕاهێنەری هیچ یانەیەك نەبووم، بەڵام لە پرۆژەیەكی خێرخوازی لە كەمپی عەربەت ڕاهێنەری ٥٠كچە یاریزانم لە كچانی ڕۆژئاوای كوردستان.

*** وەكو مامۆستا و ڕاهێنەرێك لە یاریی كۆنگفۆ بۆ دۆزینەوەی یاریزان لەم یارییە چی دەكەن؟**

-سەرەتا بۆ بەشداریكردن لە هونەری بەرگری گرنگ حەز و خولیایی كەسەكەیە بۆ ئەم هونەرە، ئەگەر كەسێك حەز و خولیای نەبێت، زەحمەتە بتوانێ بێتە نێو ئەم هونەرە، لە بەر ئەوەی پێویستی بە توانایەكی باش هەیە، زیاتر ئەو كەسانەی كە لە ڕێگەی ڤیدیۆییەكانی منەوە ئەو هونەرە دەناسن و حەزیان لێی دەبێت، دەڵێن كە ئێمە بینیمان تۆ سەركەوتوو بووی، بۆیە ئێمەش سەركەوتوو دەبین.

*** ئاستی ئەم یارییە لە كوردستان چۆن دەبینیت؟**

- ئاستی ئەم یارییە لە كوردستان بە ڕادەیەكی زۆر باش دەبینم، بۆ نموونە كاتێك هەل بۆ كەسێكی وەكو من ڕەخسابێت كە مەشقەكانم بكەم، بە شێوەیەكی باشی هەڵدەسەنگێنم، كۆنگفۆ یاری نییە، هونەرە و جۆرێكە لە هونەری بەرگری، لە وڵاتانیش گرنگیی پێ دەدرێت، بەتایبەتی لە وڵاتی چین.

*** ئایا بڕیارت نەداوە تیپێكی كچان بۆ شاری سلێمانی دروست بكەی؟**

-بەڵێ، بۆ سلێمانی و هەر شارێكی دیكەی كوردستان كە بیەوێت، دەتوانم تیپێكیان بۆ دروست بكەم، یەكێك لە پرۆژەكانی پێشووم مەشقكردن بوو بە ٥٠ یاریزانی كچ لە كەمپی عەربەت، ئەگەر هەلم بۆ بڕەخسێ بۆ هەر شوێنێكی دی ئەنجامی دەدەم، ئەو كارە خێرخوازییە.

*** وەكو ڕاهێنەرێك بەرنامەت بۆ داهاتوو چییە؟**

-یەكێك لە بەرنامەكانی داهاتووم ئەوەیە بتوانم كچان زیاتر بەشداری پێ بكەم، ئەو كچانەی لەگەڵ مندا مەشقیان دەكرد، دەیانگوت سوودمان لەو مەشقە بینیوە، منیش ئەوانەم هەمووی بەسەركەوتن دەبینی.

*** كێشەو گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینی؟**

-كێشەو و گرفت لە هەموو جۆرە هونەرەكانی بەرگریدا هەیە، بۆیە من بە كێشەو گرفت ناوی نابەم، لەكاتی مەشقەكان تووشی پێكان، یان گرژبوونی ماسوولكەكان دەبین، ئەوەش كێشە نییە، چونكە حەزم لەم هونەرەیە و بە كێشەی نازانم.

*** ئامانجت لەم یارییە چییە؟**

-ئامانجی سەرەكیم لەم یارییە بەدی هێنانی خەونەكەم بوو، تا ببمە یاریزانێكی زۆر باشی شاولینگ و ببمە ڕاهێنەر، سوپاس بۆخودا بوومە ڕاهێنەری پرۆژەی خەونی منداڵان و ئەوە بەشێك بوو لە ئامانجەكانم، هەوڵدەدەم لە داهاتوو كاری خێرخوازیی زیاتر بكەم، دەمەوێت فێرگەیەكی زۆر گەورە بكەمەوە لە هەردوو ئاست لەگەڵ هاوڕێیەكم كاك ڕێكان كە كاری زۆرمان بەیەكەوە كردووە، بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی خەونی بەشداریكردنیان هەیە، هەلیان بۆ بڕەخسێنین.

*** بۆچی كچان كەمتر بەشداری لەم یارییە دەكەن؟**

- هۆكاری سەرەكی یەكەم كۆمەڵگەیە، لەم كۆمەڵگەیە قورسە خێزانەكان ڕێگە بە كچەكانیان بدەن تا لەم یارییە بەشداری بكەن و فێری هونەری بەرگری ببن، هەست دەكەن لەگەڵ كولتووری كۆمەڵگە جیاوازە، هەست دەكەن ئەم هونەرە بۆ كچان گونجاو نییە، هەروەها هۆكاری دیكەش زۆرە.

***ئەگەر شتێكت ماوە لە كۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەركردنەوەی یاریزانانی یارییە جیاوازەكان، سوپاسی هەموو ئەو كەسانەش دەكەم كە هاوكار و پاڵپشتمان بوون.



# ئاسۆ رۆستەم:
# لەگەڵ یانەی هەولێر زۆر ئاسوودەم

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر ئەمساڵ بەشداریی یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی عێراقی کردوە و بە هێنانی چەندین یاریزان و راهێنەری کرواتی بۆ ئەم وەرزە چاویان لە ئەنجامی گەورەیە، بەڵام بەهۆی نالەباری و ئاڵۆزیی بارودۆخی ناوەڕاست و باشووری عێراق، یەکێتیی تۆپی پێی عێراق بڕیاری وەستاندنی یارییەکانی داوە بۆ کاتێکی نادیار، یانەکانیش بەردەوامن لە ئامادەکارییەکانیان بۆ ئەوەی بتوانن لە کاتێکی نزیکدا خولەکە دەست پێ بکاتەوە، ئاسۆ رۆستەم یاریزانی یانەی هەولێر لەم بارەیەوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: « لە شاری هەولێر و لەگەڵ یانەی هەولێر زۆر ئاسوودەم و ئامادەکارییەکانمان لە یانەکەمان بەردەوامە و رۆژانە خەریکی مەشق و راهێنانین، دەمانەوێ یانەکە بگەڕێنینەوە سەر رێچکەی جارانی خۆی، بەڵام چی بکەین ئەمساڵ خولی عێراق وای بەسەرهات»، لە بارەی هاتنی گرێبەستیش لە یانەکانی کوردستان گوتی: «لە زۆربەی یانەکانی کوردستان گرێبەستم بۆ هاتووە، بەڵام من پابەندم بە گرێبەستەکەم لەگەڵ یانەکەی خۆم».

# ئارام مێر پاڵەوانە کوردەکەی زۆرانبازیی ئازاد واز دەهێنێت

لە دوایـن پاڵەوانێتـی ئەکادیمیـای (IWF)ی رووسـی کـە لـەم مانگـە لـە وڵاتـی رووسـیا نمایشـی کۆتایـی ساڵ بـەڕێـوەچوو، لـە نێـوان چەنـدیـن زۆرانبـازی بەنـاوبـانگدا (ئـارام ساڵح) ناسـراو بـە ئـارام مێر پاڵەوانـە کوردەکـەی شـاری هەولێر بەشدارییـ کـرد، بـەڵام لـەم پاڵەوانێتییـەدا نەیتوانـی سـەرکەوتوو بێت و دوچـاری شکست هات، پاڵەوانە کوردەکەش بە هۆی ئەو بەڵێنانەی کـە پێیانـداوە و نەیـان بردۆتـە سـەر، بڕیـاری وازهێنانـی لـە وەرزشـی زۆرانبـازی داوە، لـەم بارەشـەوە ئـارام سـاڵح بۆ گۆڤـاری گـوڵان گوتـی: «لـە دوایـن پاڵەوانێتیی ئەکادیمیای (IWF)ی رووسی بۆ نمایشی کۆتایی ساڵ رووبـەڕووی دوو پاڵەوانـی رووسـی بوومـە، لـە یارییەکـی بێ یاسـادا دوای رکابەرییەکـی زۆر و شـەڕێکی بەهێـز، نەمتوانـی سـەرکەوتووبم، جگـە لـەوەش بـاری دەروونیـم باش نەبوو، چونکە لە کوردستان زۆر بەڵێنیان پێدام کە هاوکاریم بکەن، بەڵام هیچ راستیان نەکرد، بۆیە بڕیارمدا ئەمـە دوایـن یاریـم بێت و چیتر لەهیچ پاڵەوانێتیەکدا بەشداری ناکەم، ئەگەر بەشداریش بم، بە ناوی کوردستـانەوە بەشـدارنابم، لـە کوردسـتان وەرزش پشتگوێ خراوە ز تەنیـا گرنگـی بـە بێگانـە دەدرێـت، بەدەستهێنانی نۆ نازناو و حەوت پشـتێن کـە سـێیان جیهانـی بـوون، هەمـووکات بـە ئـاڵای کوردسـتان و لەسـەر گیرفانـی خۆم بەشـداریم کـردووە و هیـچ کات کۆڵـم نـەداوە، چەندیـن جار لەسـەر ئـاڵای کوردستان تووشـی گرفـت بـووم، بەڵام سڵم نـە کردۆتـەوە»، گـوتیـشی: « خەڵـکانێـك لـە کوردسـتـان بـەڵێـنیان دا هاوکاریـم بکـەن، ئەوانیـش هـاوکار نەبـوون، بۆیـە لـە دوایـن پاڵەوانێتیش بـە زمانـی روسـی بڕیـاری وازهێنانـم دا. هەرچەنـدە مـن خاوەنـی پشـتێنی (KWF) ئەنتەرناشینال ریسلنگی نێودەوڵەتیم، بـەڵام ئـەو هەمـوو بەشداریکردنە لەسـەر گیرفانـی بـوو، هەمـوو سامانـی خۆم بۆ ئـەم وەرزشـە سـەرف کـرد، بۆیـە چیتـر ناتوانـم لـە وەرزش بـەردەوام بـم.



# کاوە حەسۆ: دەمەوێت لە داهاتوودا خزمەتی وەرزشی کوردستان بکەم

چەندیـن یاریزانـی کـوردی پارچەکانـی کوردسـتان لـە ریـزی یانـە گـەورەکانـی ئەورووپـا یـاری دەکـەن و دەیانـەوێ نـاوی کوردسـتان بـەرز بکەنـەوە، کاوە حەسـۆ گۆڵپاریـزی کـوردی هەڵبـژاردەی پێشـووی سـوریا و یانـەی پێشـمەرگەی هەولێـر کـە ماوەیەکـی زۆر لـە خولـی کوردستان بەرگریـی لـە تـۆڕی گـۆڵـی یانـەی پێشـمەرگەی هەولێـر کـردوە، ماوەیەکـە لـە وڵاتـی هۆڵەنـدا لـە ریـزی یانـەی (Vitssa) لـە خولـی پلـە دووی یانەکانـی ئـەو وڵاتـە یـاری دەکات، لـە مـاوەی چەنـد رۆژی رابـردووش لـە رێگـەی ئـەو یانەیـەوە خولێکـی راهێنـەری گۆڵپارێزیـی لەسـەر ئاسـتی ئەورووپـا بەدەسـت هێنـا، لـەم بارەشـەوە کاوە حەسـۆ بـۆ گۆڤـاری گـوڵان گوتـی: «بەدەسـتهێنانی بڕوانامـەی راهێنـەری گۆڵپارێـزی لـە وڵاتـی هۆڵەندایـە لەلایـەن یەکێتـی تۆپـی پێـی ئەورووپـا و فیفـاش بڕوانامەیەکـی باوەڕپێکـراوە، هـەر چەنـدە مـن لـە یانـەی (Vitssa) پلـە دووی وڵاتـی هۆڵەنـدا یـاری دەکـەم، بـەڵام بەدەستهێنانی ئەو بڕوانامەیە بۆ داهاتووم بوو وەکو راهێنـەر، ئـەم بڕوانامەیـە پێش بڕوانامـەی پرۆفیشـناڵە، مـن لـە دوای ئـەوە هـەوڵ بـۆ ئەویـش دەدەم، چونکـە ئەگـەر ئـەو بڕوانامـەی پرۆفیشـناڵم بەدەسـتهێنا دەتوانـم لـە هەمـوو یانـە پلـە یەکەکانـی ئەورووپـا کار بکـەم، ئێسـتاش کـە ئـەم بڕوانامەیـەم بەدەسـتهێناوە دەتوانـم لەسـەر ئاسـتی ئەورووپـا یـاری بکـەم»، گوتیشـی: «لـە رێگـای ئـەو یانـەی ئێسـتام توانیـم بەشـداری بکـەم و ئـەم بڕوانامـە نێودوڵەتییـە بەدەسـت بهێنـم، وەکـو کوردێکیـش زۆر سـەربەزرم کـە توانیـم بڕوانامەیەکـی وا گـەورە لـە بـواری نێودەوڵەتـی بەدەسـتهبێنم و لەگـەڵ یانەیەکـی گـەورەی ئەورووپـا کار بکـەم»، لـە بـارەی گرێبەسـتی دیکەیـش ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـرد کـە لـە کوردسـتان یانـەی زێرەڤانـی داوای گرێبەسـتی لێ کـرووە، بـەڵام بـە هـۆی بەشـداری کردنـی لـەم خولـە نەیتوانـی ئـەو گرێبەسـتە فبـووڵ بـکات، بۆیـە لەگـەڵ یانـەی (Vitssa) بـەردەوام دبێت، هەروەهـا گوتـی: «لـە گرێبەسـتەکەم لەگـەڵ ئـەم یانەیـە بـەردەوام دەبـم، بـەڵام لـە داهاتـوودا هـەوڵ دەدەم بگەڕێمـەوە کوردسـتان و خزمەتـی وەرزشـی کوردسـتان بکـەم».





# کلۆپ دەربارەی نوێکردنەوەی گرێبەستی لەگەڵ لیڤەرپوول قسەی خۆیکرد



یۆرگن کلۆپ بە فەرمی گرێبەستەکەی لەگەڵ لیڤەرپوول تاکو ساڵی٢٠٢٤ نوێکردەوە، لە یەکەمین لێدوانیدا دوای نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی کلۆپ گوتی: هەواڵی نوێکردنەوەی گرێبەستەکەم بۆ هەندێك کەس هەواڵێکی ناخۆشە و داوای لێبوردنیان لێ دەکەم.

یانەی لیڤەرپوول لە بەیاننامەیەکی فەرمی رایگەیاندووە گرێبەستی یۆرگن کلۆپی راهێنەریان بۆ ماوەی چوار ساڵ و نیو و تاکو ساڵی ٢٠٢٤ نوێکردەوە.

لە هەمان کاتدا پیتەر کراویتز یاریدەدەری کلۆپ بڕیاریدا لە پۆستەکەی لەگەڵ راهێنەرە ئەڵمانیەکە و لە کارکردن بەردەوام بێت.

کلۆپ لە ئۆکتۆبەری ساڵی٢٠١٥ ئەرکی راهێنەرایەتی لیڤەرپوولی وەرگرت و لە وەرزی رابردوو نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بۆ ئەو یانەیە بردەوە و دواتر نازناوی سوپەری ئەوروپایان بەدەستهێنا.

یۆرگن کلۆپ دوای هروەها دەڵێت: بەیاننامەکەی لیڤەرپوول لەسەر نوێکردنەوەی گرێبەستەکەم ئاماژە بە زۆر شت دەکات، بە هاوبەشی تاکو ئێستا زۆر شتمان بەدەستهێناوە و دەبێ شتی تر بەدەست بهێنین، کاتێك پێشکەوتنی یانەکە دەبینم هەست بە رۆڵی خۆم دەکەم و دەتوانین زیاتر گەشە بە یانەکە بدەین.

کلۆپ گوتیشی: لە ساڵی ٢٠١٥ کاتێك لە لیڤەرپوولەوە پەیوەندیم پێوەکرا هەستم کرد کە لەگەڵ یەکتر دەگونجێین، ئێستا هاوکاریی تەواو لە نێوانمان هەیە، دەتوانم تاکو ساڵی ٢٠٢٤ بەردەوام بم، یانەکە لەسەر رێگەی راست دەڕوات و ناتوانم بیر لە جێهێشتنی لیڤەرپوول بکەمەوە.



## مایکل ئۆین پێشبینی دەرکردنی ریال و ئەتلەتیکۆ مەدرید دەکات

مایکل ئۆین یاریزانی پێشووی لیڤەرپوول و ریال مەدرید پێشبینی دەکات لیڤەرپوول و مانچستەر سیتی لەسەر ئەستۆی ئەتلتیکۆ مەدرید و ریال مەدرید بگەنە چارەکی کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا.

مایکل ئۆین دوای راکێشانی تیروپشکی قۆناخی ١٦ـی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا گوتی: ئاڵۆز و سەخت بوو، کاتێک تیروپشک بۆ یاریی یەکەم راکێشرا گوتم ئەوە زۆر قورسە، دواتر بینیم زۆربەی یارییەکان قورس و سەختن گوتم ئەی کوا تیپە بچووکەکان، چونکە زۆربەی تیپە گەورەکان بەر یەکتری کەوتن.

مایکل ئۆین دەشڵێت: لیڤەرپوول رووبەڕووی ئەتلەتیکۆ مەدرید دەبێتەوە، ئەم یارییە سەخت دەبێت، بەڵام لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بڕوا ناکەم هیچ تیپێک حەز بکات لە ئەنفیڵد یاری بکات، لیڤەرپوول دووەم یاری لەم یاریگایە دەکات، ئەم یاریگایە جادوویێکی تایبەتی هەیە، ئەتلەتیکۆ مەدرید تیپێکی رێکخراوە و بڕینی ئەستەمە، بەڵام پێموایە لیڤەرپوول ئەم قۆناخە تێدەپەڕێنێت.

مایکل ئۆین گوتیشی: لە دەستپێکی ئەم وەرزەوە پێشبینیم کرد جارێکی دیکە یانەیەکی ئینگلیزی ببێتەوە پاڵەوانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ، لە بارەی یاریی ریال مەدرید و مانچستەر سیتی پێموایە جارێک زووە دەبێت تاکو مانگی دوو چاوەڕێ بکەین، بەڵام پێموایە ئەگەر مانچستەر سیتی لە فۆرم و ئاستی خۆیدا بێت ئەستەمە وەستاندنی و دەتوانێت ریال مەدرید تێپەڕێنێت.

# نێیمار بۆچوونی خۆی سەبارەت بە باشترین یاریزانی جیهان ئاشکرا کرد

نێیمار ئەستێرەی بەرازیلی یانەی پاریس سانت جێرمان جەخت لەوە دەکاتەوە، کە لەم جیهانە تەنیا لیۆنێل مێسی شایستەی خەڵاتی تۆپی زێرینە، دەشڵێت: مێسی شایستەی ئەوەیە هەموو ساڵێك خەڵاتی باشترینی جیهانی پێبدرێت.

نێیمار داسیلڤا لە لێدوانێکدا بۆ گۆڤاری فرانس فوتبۆڵ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە مێسی بە شایستەیی خەڵاتی باڵۆن دۆری ٢٠١٩ی بردۆتەوە، چونکە لووتکەی باشترینەکانی جیهانی گرتووە.

نێیمار دەشڵێت: لیۆنێل مێسی یاریزانێکی سەرسوڕهێنەرە، ئێستا لیۆنێل زۆر لەو کاتانە باشترە، کە هاوشانی یەکتر یاریمان کردووە.

